قەسیدەی وێنەیی

خەزعەل ئەلماجدی
لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەلیب عەبدوللا

کانییەکانی پڕە لە نوور

خۆزگە توانیبام وێنەی بلبل
لەگەڵ دەنگیدا بکێشم!

(١)
کاتێ پێدەکەنی
هەموو پەنجەرەی ماڵەکەم
ورد و خاش دەبێ.

(٢)
بەهۆی جوانییەکەی
باڵندەکان لە گۆرانی گوتن دەکەون و
ئەبڵەق دەبن.

(٣)
دەنگی ئەستێرەکان
لە چاوی تۆ
دەبیسم

(٤)
مەمکەکانت میوەن
هەر بە دارەوە
دەخورێن.

(٥)
قسە لەگەڵ کەس نەکەی
قسە لەگەڵ هەور بکە، ئەو ژنەی
کە دواتر دەبارێ.

(٦)
گۆرانییەکەم لە دەمەوە بۆ دڵە
بۆچی گۆرانی لە دەمەوە بۆ گوێچکە دەڵێیت؟

(٧)
شنەی با تەنیا نییە
لەبەر قژت

(٨)
ئەو تاکە گوڵەی لە زەوی شین نابێ
دەمی تۆیە.

(٩)
تێنوویەتی شار دەکوژێ و
ئاو تەنیا لە جەستەی ژنانە!

(١٠)
کەنار
یان گەردنت

یان هەردووکیان!!

(١١)
بە تەواوی دەزانی
بەرلەوەی بۆنو بەرامەی هەڵکا
سەرئێشەمان نەما.

(١٢)
گەر خۆشت نەوێ
دەبێتە جریوەی باڵندان.

(١٣)
نیوە شەوەو
دڵۆپەکانی مانگ لەسەر مەمکە ڕاپەڕیوەکەت
کەسێ نییە بیخواتەوە
ئای بۆ تێنوویەتیمان، ئای بۆ تێنوویەتی تۆ.

(١٤)
باڵت کە دەلەرێتەوە
چاومان زێتر دەکاتەوە.

(١٥)
هەرکە لە دەرگام دا
مۆم داگیرسا

(١٦)
ئەو ڕۆژەی سیحری جەستەت دەرکەوت
هەموو پەپوولەکان کۆبوونەوە

(١٧)
نەرمی دەستت
هۆی بەیەکداچوونی دەستمە،
ئای لەو تەوقەیە!!

(١٨)
مانگ قاچەکانت دەشوا
کاتێ شەو،
لە دەریا دریژییان دەکەیت.

(١٩)
دیمەنێک
لە دوورەوە
باڵای تۆ و پۆلێ باڵندە.

(٢٠)
دەستت
چرا بوو
شوشتنی قاپ خامۆشی کرد.

(٢١)
ئەگەر دەمم لە دەمتبا
زۆر بڵێیمان نەدەکرد.

(٢٢)
کە فەرشی سەر دیوار دەتەکێنی
جەستەت
دەلەرێتەوە
لە ناخمدا.. گیانەوەرەکان بە ئاگا دێن.

(٢٣)
ڕۆژی کەوتنی بەفر
سپێتی شتەکانی داپۆشی
چاوی پشیلەی لەرزۆک نەبێ.

(٢٤)
لە بەرانبەر ئەو قژە دریژە ڕەشەدا
مەقەس بە چۆکدا هات

(٢٥)
دەستت چەند شارەزایە
ناوی لە گوڵان نا..
پشووی دا.

(٢٦)
هەموو وردە گوڵەکانی سەر کراسی
بانگ دەکەن: وەرە

(٢٧)
کاتێ دەستت لێدەدەم
هەموو جەستەت دەبێتە دڵ.

(٢٨)
پشیلە بنێسەکان
لەسەر خواردنی گیای باخچە ڕاهاتوون
دریژەی کێشا گەمارۆدان.

(٢٩)
خواردن دەم دەکاتەوە
ئاخاوتن وێنەی دەکێشێ
ماچەکان خەڵتی دەکەنەوە

(٣٠)
ئەو هەموو بڕووسکەیە
بۆ دەرکەوتنی چرۆی مەمانتە.

سەرچاوە:

المجلد الاول، صدر عن المؤسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت ٢٠٠١. من مجموعة قصائد الصورة، ١٩٩٠.